



## ڕۆنگا ئەندرسۆن: من بوومەتە موسڵمان و گوێ نادەمە ڕەخنەی خەڵک و خزمان

# گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی سوێد لەم ڕەمەزانەدا بەڕۆژوو دەبێت

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

ڕۆنگا ئەندرسۆن، کچە گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی سوێد، بۆ تەمەنی خوار 19 ساڵی، بووەتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری خەڵکی وڵاتەکەی، دوای ئەوەی ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە بووەتە موسڵمان و گوتی "بەنیازم لەم ڕەمەزانەدا بەڕۆژوو بم".

لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەفتونپلادیتی لۆکاڵی، ئەندرسۆن گوتی "بوونی بە موسڵمان لەلایەن کەسانی نزیکییەوە، نەخاسمەماڵباتەکەی، کاردانەوەی زۆری لێکەوتووەتەوەو زۆر لێی تووڕەن، بەڵام ئەو بایەخی پێنادات". هەروەها گوتیشی "زۆر کەس حوکمی پێش وەختەیان دەرهەقم دەدا، هەندێ وتاری هاندەری ڕقلێبوونەوەشم بۆ دەهات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شانازی دەکەم بەوەی بوومەتە موسڵمان".

ئەو کچە یاریزانە، کە درێسی تیپی ئێکیپۆسالا و هەڵبژاردەی سوێد بۆ تۆپی پێی خانمانی تەمەن خوار 19 ساڵی دەپۆشێت، ڕوونیشیکردەوە "هەندێ هاوڕێم بە ئیسلام کاریگەر بوونە، دوای ئەوەی من بوومەتە موسڵمان". هەروەها گوتیشی "دوای ئەوەی بوومە موسڵمان، ڕاستەوخۆ زانیم چوومەتە نێو ئایینێکی جوانەوە، من باوەڕم بە هەموو ئەو شتانە هەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، خوا دەناسم، هەستیشم بە یارمەتیدانی کردووە".

ئەندرسۆن دووپاتیشیکردەوە، هەوڵ دەدات فەرمانەکانی ئایینی ئیسلام جێبەجێ بکات، هەروەها گوتیشی "بەنیازم لە مانگی ڕەمەزاندا دەست بە ڕۆژووگرتن بکەم".

WWW.RUDAW.NET

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (498) سێشەممە 2018/5/15 25ی گوڵان - 2718 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## بردنەوەی نازناوی چامپیۆنزلیگ لە تووڕەیی مەدریدییەکان کەم ناکاتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی..

# NO



3-6

3

## "ئەوەی ئازاری یوڤێنتوس بدات پاشگەز دەبێتەوە"

2
راهێنەرێک بە ئۆتۆمبێلی خۆی یاریزانەکانی کۆدەکاتەوە



3
پێپ گواردیۆلا..
ئەو پیاوەی بە کەس ناکەوێت



6
سیمیۆنی لە پەیژەکانی میترۆپۆلیتانۆوە ئەپدەیتی غیرەتی یاریزانەکانی دەکات



هەمیشە دڵشادبە
ئینتەرنێتی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە
KOREK Telecom



## شەڕ دەکەن

محەممەد حەمەخان، سکرتێری یانەی وەرزشیی بروسک، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند ئەوان چاوەڕێی ئەنجامدانی یارییەکی چارەنووسسازن لە بەرامبەر یانەی شێخان، کە ئەم هەفتەیە یارییەکانی خولی پلە دووی کوردستان دواخراون. ئەو بەرپرسەی یانەی بروسک گوتی «بەهیچ شێوەیەک ئەو دەرفەتە لەدەست خۆمان نادەین، بە هەموو هێزی خۆمان شەڕی بەدەستهێنانی بلیتێکی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان دەکەین لە بەرامبەر یانەی شێخان. ئامادەکارییەکی یەکجار باش و چڕمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین دڵی هەموو هاندەرانمان خۆش بکەین».

KOREK Telecom

### کاتێک وەرزش تێکەڵ بە خوێنی مرۆڤ دەبێت..

# راهێنەرێک بە ئۆتۆمبێلی خۆی یاریزانەکانی کۆدەکاتەوە



فۆتۆ: یوسف کەرکووکی

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ کەرکووک**

زۆرجار دەگووترێت «وەرزش تێکەڵ بە خوێنی بووە». قاسم جەمیل، راهێنەری تیپی فوتسالّی یانەی گازی باکوور، باشترین نموونەیە بۆ ئەوە قسەیە. ئەو بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «ئامانجی ئێمە تەنیا خۆشەویستی وەرزش و خزمەتکردنە، لەو پێناوەشدا بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆم بەدوای یاریزاناندا دەگەڕێم و کۆیان دەکەمەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە مەشقکردن».

تیپی فوتسالّی کچانی یانەی گازی باکوور، بەهۆی رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری رابردوو ئەمساڵ بەشداری لە خولی فوتسالّی نایابی یانەکانی کوردستانی نەکرد، بەڵام راهێنەرەکەی بەبێ گوێدانە ماندووبوون بەردەوامە لە مەشقەکانی بەبێ ئەوەی یەک دیناریش لە تیپەکە وەربگرێت، تەنانەت بەهۆی خۆشەویستی زۆری بۆ یارییەکە و یاریزانەکانی، بە ئۆتۆمبێلە تایبەتییەکەی خۆی رۆژانە یاریزانەکانی کۆدەکاتەوە بۆ مەشقکردن.

مامۆستا قاسم جەمیل، راهێنەری تیپی فوتسالّی گازی باکوور، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە لەبەر خۆشەویستیمان بۆ وەرزش بەردەوامین لە یاریکردن و مەشقەکانمان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی من و یاریزانەکانم هیچ مووچەیەکمان نییە لەگەڵ تیپەکەمان، چونکە ئەمساڵ چالاکیمان نەبووە لە دەرەوەی شار، هەر بۆ خۆمان بەردەوام بووینە لە مەشقکردن و ئەنجامدانی یاری دۆستانە».

> **قاسم جەمیل:**
> **ماڵ بە ماڵ بەدوای یاریزانەکانمدا دەگەڕێم**

ئەو راهێنەرە باس لەو خۆشەویستییە بێ سنوورەی دەکات کە بۆ یارییەکە و یاریزانەکانی هەیە، تا ئەو رادەیەی ئامادەیە خۆی یاریزانەکانی بە ئۆتۆمبێلی خۆی کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە مەشقەکانیان «من وەک راهێنەر لەبەر خۆشەویستیم بۆ یاریزانەکانم و بۆ تیپەکەم بە ئۆتۆمبێلە تایبەتییەکەی خۆم ماڵ بە ماڵ بەدوای یاریزانانمدا دەگەڕێم بۆ کۆکردنەوەیان و بردنیان بۆ مەشقەکانیان، ئامانجی من لەم کارە تەنیا بەردەوامیمانە، چونکە من خۆشەویستییەکی بێ کۆتاییم بۆ وەرزش و بۆ تیپەکەم و یاریزانەکانم هەیە».

قاسم جەمیل، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هێشتا ئەوان بە ناوی یانەی گازی باکوور ماونەتەوە، بەڵام وەک خۆی گوتی «تاوەکو ئێستا ئێمە لەگەڵ یانەی گازی باکوور بەردەوامین و لەسەر ناوی ئەوانین، بەڵام ئەوان هیچ جۆرە پشتگیرییەکیان بۆ ئێمە نییە، لە چەند رۆژی داهاتوودا قسەیان لەگەڵ دەکەین بۆ ئەوەی ئێمەش چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین». لەبارەی پەیوەندیکردنیان بە یانەیەکی دیکەوە، ئەو راهێنەرە گوتی «لە راستیدا چەند یانەیەک داوای ئێمەیان کردووە، بەڵام لەبەر خۆشەویستیمان بۆ یانەی گازی باکوور هێشتا هیچ بڕیارێکمان نەداوە، بەڵام دواجار دەبێ بڕیارێک بدەین، چونکە من سەرجەم کارەکانی ئەو یاریزانانە لەسەر گیرفانی خۆم بەڕێوە دەبم، یانەکە هیچ هاوکارییەکی ئێمەی نەکردووە».

قاسم جەمیل، هەروەها گوتیشی «ماوەی 10 ساڵە ئەوە کاری منە، بەردەوام لە قوتابخانەکان و یانەکان خزمەتی وەرزشی فوتسالّ دەکەم، بەهیوای ئەوەشم لە داهاتوودا بتوانین هەروەک جاران تیپە بەهێزەکەی سەر ئاستی کوردستان بین و زۆرترین یاریزانی بەتوانا لەو یارییەدا بۆ شارەکەمان پێبگەیەنین»، هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا گوتی «پێشووتر یانەی گازی باکوور بۆ ماوەی 2 ساڵ کرێی هاتووچۆی پێمان دەدا، کە ئەوە بۆ ئێمە زۆر باش بوو، بەڵام بەردەوام نەبوو لەسەر ئەو هاوکارییە، هیواداریین هاوکارییەکەیان دەست پێبکەنەوە بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین بەردەوام بین».



### مەروان سەلاح، یاریزانی تازەپێگەیشتوانی یانەی پیشمەرگەی هەولێر:

# حەزدەکەم هەمیشە لاسایی رۆناڵدۆ بکەمەوە

**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

مەروان سەلاح، یاریزانی تیپی تازەپێگەیشتووانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند "بەهیوای ئەوەم لە داهاتوودا گرنگی زیاتر بەتوانای یاریزانانی لاو بدرێت و یانەکانیش پێویستییەکانیان بۆ دابین بکەن".

ساڵانە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستانەوە، خولی تازەپێگەیشتووان و لاوان بۆ یانەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت، لەم ناوەشدا چەندین یاریزانی بەتوانا بەدیار دەکەون، کە دەبنە جێگەی ئومێد بۆ یانەکانیان لە دوارۆژدا.

یەکێک لەو یاریزانانەش کە ئومێدێکی زۆری یانەکەیەتی، مەروان سەلاحی یاریزانی تازەپێگەیشتووانی یانەی پێشمەرگەی هەولێرە. ئەو کە ساڵی 2000 لەدایکبووە، بەهیوای ئەوەیە بتوانێت خۆی وەک یاریزانێکی ئاستبەرز بناسێنێت و بچێتە ریزی تیپە گەورەکان. مەروان سەلاح، بە (رووداوی وەرزشی) گوت "ئەمساڵ ئاستی خولی تازەپێگەیشتووانی یانەکانی کوردستان ئاستێکی بەرزی هەبووەو یانەکانیش گرنگیان بە تیپەکانیان داوە بۆ ئەم خولە، من وەک یاریزانێکی تازەپێگەیشتوو داوا لە یانەکان دەکەم بۆ ئایندەی خۆیان بایەخێکی زۆر بە یاریزانە تازەپێگەیشتووەکانیان بدەن، پێویستە پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەن، هەروەها لەسەر بنەمایەکی زانستی زیاتر مەشق و راهێنان بە یاریزانانی خۆیان بکەن، بەتایبەتی لە هۆڵی وەرزشی، بۆ ئەوەی ئاستی یاریزانانیان تەواو بەرزبێتەوە".

هەروەها گوتیشی "خۆشم وەک یاریزانێکی تازەپێگەیشتوو بەهیوای ئەوەم ببم بە یاریزانێکی بەتوانا، زۆریش حەز دەکەم لاسایی رۆناڵدۆ بکەمەوە و بگەم بە ئاستی ئەو یاریزانە جیهانییە".

لەبارەی داواکردنی لە لایەن یانەکانی دیکەوە، بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکات، گوتی "هەریەک لە تیپەکانی هەولێر و بروسک داوایانکردووە بچمە ریزەکانیان، بەڵام پێیمباشبوو هەر لەگەڵ پێشمەرگەی هەولێر بمێنمەوە".

> "لەبەر پێشمەرگە یانەکانی هەولێر و بروسکم رەتکردووەتەوە"



### ئەحمەد مستەفا..

# ئەو یاریزانەی بەهۆی نەبوونی هەلی زۆری لەدەستچووە

**عومەر قاسم**
**رووداوی وەرزشی ـ شێخان**

ئەحمەد مستەفا، یەکێکە لەو یاریزانە بەتوانایانەی دەڤەری شێخان، کە هەروەک خۆی دەڵێت هیچ گرنگییەکی پێنادرێت، ئەگەرنا دەتوانێت لە بەرزترین ئاستدا یاری بکات.

ئەحمەد مستەفا عەبدوڵڵا، لە 1990/10/6 لە گوندی زیناوای سەر بە قەزای شێخان لەدایکبووە، ئەو سەرەتا لەگەڵ هاوڕێکانی لە گوندەکەیان دەستی بە یاریکردووەو هەر زوو بەهرەکانی دەرکەوتووە. لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تەمەنی زیاتر خولیای بۆ تۆپی پێ دەبێت و لەگەڵ هاوڕێیانی تیپێک پێکدێنن بە ناوی گوندەکەیان زیناوە. بەشداری لە چەندین خولی دەڤەرەکە دەکەن و چەندین نازناو بەدەستدێنن. ئەحمەد هەر زوو سەرنجی هەموو لایەک رادەکێشێت بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لەنێو یاریگەدا پێشکەشی دەکات، بۆیە هاندەران نازناوی ئەحمەد مایسترۆی پێدەدەن.

ئەحمەد، هەر رۆژێک یاری بکات ئاستی لە رۆژی پێشتر باشترە، بۆیە چەندین راهێنەر داوایان لێکردووە بچێتە ریزی تیپەکانیان و تاوەکو ئێستا بۆ چەندین تیپ یاریکردووە، لەوانەش هەڵبژاردەی چرە، شەهید رەشید، رۆژ کەلەکچی و چەندینی دیکەش. تەنانەت ئەحمەد بۆ چەندین یانەش یاریکردووە، وەک یانەکانی بەردەڕەش، ئاکرێ و یانەی شێخان. ئەو هەمیشە ئاستێکی بەرزی پێشکەشکردووە بە بەڵگەی ئەوەی لە ساڵی 2013 بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی کوردستان بانگهێشتکراوە، لەلایان راهێنەر عەبدوڵڵا نوحەوە، بەڵام ئەو نەیتوانیوە بەشداری بەکات لەبەر هۆکاری ئابووری، کە ئەوکات خوێندکاری پەیمانگاش بوو. ئەحمەد لەو بارەوە دەڵێت «بەداخەوە زۆرجار هەلی باشم بۆ رەخساوە، بەڵام لەبەر نەبوونی پاڵپشتی و خراپی باری ئابووریم هەموو ئەو دەرفەتانەم لەدەستچووە».

ئەحمەد مستەفا، ئێستا وەک کاپتن یاری بۆ یانەی شێخان دەکات و دەڵێت «هێشتا هیوام زۆرە خزمەتێکی زۆرتر بە تۆپی پێی دەڤەرەکەمان بکەم، بەڵام پێویستە حکومەتیش یارمەتی وەرزش و تۆپی پێی دەڤەرەکەمان بدات، کە پڕە لە بەهرەی وەرزشیی باش و بەتوانا».



KOREK Telecom

هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی رۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەک)ەوە





لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە، بە پێی ئەم ووردەکارییانەی خوارەوە:


- پاکێجی رۆژانە: تەنها بە 2,000 دینارە و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی هەفتانە: تەنها بە 7,000 دینارە و بۆ ماوەی 7 رۆژ بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دینارە و بۆ ماوەی 30 رۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی رۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250, یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

411

korektel.com

KOREK Telecom



## بکوژی گەورەکان

سەرەڕای ئەوەی جیمی ڤاردیی هێرشبەری یانەی لیستەر سیتی، لە وەرزی ئەمساڵی پرێمەرلیگدا تەنیا 20 گۆڵی کردووە لە ریزبەندی گۆڵکارانی خولەکەدا لە پلەی چوارەم دێت، بەڵام لە لایەن میدیای ئینگلیزییەوە بە «بکوژی گەورەکان» ناوبراوە، لەبەرئەوەی زۆرترین گۆڵەکانی لە یانە گەورەکانی پرێمەرلیگ کردووە. لە قۆناخی چوون گۆڵی لە چێڵسی کردووە لە قۆناخی گەڕانەوە گۆڵی لە مانچێستەر سیتی و مانچێستەر یونایتد کردووە، لە هەردوو قۆناخی چوون و گەڕانەوە گۆڵی لە ئارسیناڵ و لیڤەرپوول و تۆتێنهام کردووە.






"بردنەوەی نازناوی چامپیۆنزلیگ لە تووڕەیی و بێئومێدی مەدریدییەکان کەم ناکاتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی"

ڕەخنە لە زیدان دەگرن و دەڵێن "نازناوی چامپیۆنزلیگ پاساو نییە"..

# مەدریدییەکان سووکایەتی قبوڵ ناکەن

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

مەدریدییەکان پێیانوایە ئەمساڵ زیدان و یاریزانەکانی زیانیان بە ناوبانگی یانەکەیان گەیاندووە، کە پێیانوایە گەورەترین یانەیە لە مێژوودا. ئەوان دەڵێن چیدی سووکایەتییەکی لەو شێوەیە قبوڵ ناکەن، کە بارسێلۆنا لە وەرزێکی لالیگادا 15 خاڵ لەپێش ریال مەدرید بێت.

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی، لە راپۆرتێکدا ئاشکرای دەکات کە بەرپرسانی یانەی شاهانە و جەماوەری ئەو یانەیە زۆر تووڕەن لە زەینەدین زیدانی راهێنەر و یاریزانەکانی، لەبەرئەوەی پێیانوایە لە وەرزی ئەمساڵی لالیگادا ئەوانیان لە بەرامبەر بارسێلۆنای رکابەری هەمیشەییاندا تووشی شەرمەزاری کردووە، تەنانەت دەڵێت "ئەو جیاوازییە زۆرەی لە خاڵەکانی نێوانیاندا هەیە، سووکایەتییەکی گەورەیە بە ناوبانگ و مێژووی گەورەترین یانەی جیهان و مێژوو".

بارسێلۆنا کە پێشوەختە نازناوی لالیگای ئەمساڵی بەدەستهێناوە، بە جیاوازی 15 خاڵ لەپێش ریال مەدریدە، کە خاوەنی 90 خاڵە و ریال مەدرید تەنیا 75 خاڵی کۆکردووەتەوە، تەنیا گەڕێک ماوە بۆ کۆتاییهاتنی وەرزی ئەمساڵی لالیگا. بێجگە لەوەش ریال مەدرید لە پلەی سێیەمی ریزبەندی لالیگا دێت.

مارکا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەرپرسان و هاندەرانی ریال مەدرید لە سەرەتای وەرزدا پێیانوابوو یانەکەیان دەتوانێت پارێزگاری لە نازناوی لالیگا بکات، بەڵام یەکسانبوونە زووەکەی زیدان و یاریزانەکانی لەگەڵ ڤالێنسیا و لیڤانتی هەمووانی تووشی ڕەشبینی کرد.

مارکا لەو بارەوە دەڵێت "بەرپرسانی ریال مەدرید نایانەوێ ئەم شەرمەزارییە دووبارە بێتەوە". تەنانەت وەک مارکا نووسیویەتی "گەیشتنی ریال مەدرید بۆ یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە لایەن جەماوەری یانەکەوە نابێتە پاساو بۆ زیدان و یاریزانەکانی، تەنانەت ئەگەر نازناوەکەش ببەنەوە ئەوان پێیانوایە زیدان و یاریزانەکانی کەمتەرخەمیان بەرامبەر ناوبانگ و هەستەکانی مەدریدییەکان هەبووە، چونکە ئەوان زیاتر بایەخ بە ململانێی راستەوخۆ لەگەڵ بارسێلۆنا دەدەن".

ئەو ڕۆژنامەیە، کە زۆر نزیکە لە یانەی شاهانە، باس لەوەش دەکات کە بەرپرسانی ریال مەدرید لەوەش تووڕەن کە سەرەڕای ئەو ئەنجامە خراپەی ئەمساڵ لە لالیگادا، زیدان هەمیشە گوتوویەتی ئاستێکی باشمان پێشکەش کردووە "دەبێ زیدان لە وەرزی داهاتوودا ئاست و ئەنجامێکی باش پێشکەش بکات". هەروەها مارکا دووپاتی دەکاتەوە "بردنەوەی نازناوی چامپیۆنزلیگ لە تووڕەیی و بێئومێدی مەدریدییەکان کەم ناکاتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی".




**کیلینی:** یوڤێ لەبەرئەوە فیناڵەکان دەدۆڕێنێت، چونکە دەگاتە یاری کۆتایی..

# «ئەوەی ئازاری یوڤێنتوس بدات پاشگەز دەبێتەوە»

**ڕووداوی وەرزشی ـCNBC**

دوای ئەوەی یانەی یوڤێنتوس، بۆ جاری 36 لە مێژوو و حەفتەم جار بەسەریەکەوە نازناوی خولی ئیتاڵیای مسۆگەر کرد، هەندێ لە چاودێران باسیان لەوە کرد کە یانەی ناپۆلی زیاتر لە یوڤێنتوس شایەنی نازناوی ئەمساڵی سکۆدیتۆ بوو، بەڵام شانس یاوەری نەبوو. هەندێکیش پێیانوایە لە کۆتاییدا ئەزموون بڕیاری خۆیداو نازناوەکەی بە خانمە پیرەکە بەخشی.

جۆرجیۆ کیلینی، بەرگریکاری یوڤێنتوس، زۆر بە توندی وەڵامی ئەوانە دەداتەوەو دەڵێت «ئەمە گرنگترین و جوانترین نازناوی سکۆدیتۆ بوو لە مێژووی یوڤێدا، بێگومان لەگەڵ یەکەم نازناویش، خەڵک نازانێت چ دەستکەوتێکی گەورەیە کە ئێمە لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئەو هەموو نازناوانەمان چۆن بردووەتەوە». کیلینی هێرشێکی توندی کرە سەر ئەوانەی رەخنە لە یوڤێنتوس دەگرن و گوتی «سوپاسی ئەوانە دەکەم کە دژایەتی یوڤێنتوس دەکەن و ەرخنەی لێدەگرن، چونکە ئەوان بە رەخنە و هێرشەکانیان زیاتر بارگاویمان دەکەن، وادەکەن باشتر یاری بکەین». هەروەها گوتی «هەندێک خەڵک بێ رێزن بۆیە پێویستە ئەوەی لەنێو سینگماندایە دەری بکەین، ئەوانەی دەیانەوێ ئازاری یوڤێ بدەن و دەست بۆ شانازییەکانی ببەن پاشگەز دەبنەوەو زیان بە خۆیان دەگەینن».

کیلینی بەوەندە نەوەستاو گوتیشی «ئێمە هەمیشە باشترینین، دەڵێن یوڤێنتوس لە یارییەکانی کۆتاییدا دەدۆڕێت، بێگومان ئێمە دەدۆڕێین لەبەرئەوەی گەیشتووینەتە یاری کۆتایی، بەڵام ئەوانەی زمانیان درێژە لە قۆناخی هەشتەم دەردەکرێن».

«زماندرێژەکان لە قۆناخی هەشتەم دەردەکرێن»

لە وەرزێکی مێژووییدا زۆربەی ریکۆردەکانی پرێمەرلیگی شکاند..

# پێپ گواردیۆلا.. ئەو پیاوەی بە کەس ناکەوێت

پێپ گواردیۆلا بەم ئامار و ریکۆردانە وەڵامی هەموو رەخنەگرانی دەداتەوە:

- تیپەکەی زۆرترین بردنەوەی بەسەریەکەوە تۆمارکردووە لە مێژووی پرێمەرلیگدا، کە 18 بردنەوەیە.
- زۆرترین گۆڵی لە وەرزێکدا تۆمارکردووە، کە 106 گۆڵە.
- یاریزانەکانی زۆرترین پاسی دروستیان داوە لە یارییەکدا، کە 904 پاسە.
- زۆرترین بردنەوەی لە وەرزێکدا بەدەستهێناوە، کە 32 بردنەوەیە.
- زۆرترین بردنەوەی لە دەرەوەی یاریگەی خۆیدا تۆمارکردووە لە وەرزێکدا لە مێژووی پرێمەرلیگدا، کە 16 بردنەوەیە.
- زۆرترین خاڵی لە وەرزێکدا بەدەستهێناوە لە مێژووی پرێمەرلیگدا، کە 100 خاڵە.
- زۆرترین جیاوازی گۆڵی تۆمارکردووە لە وەرزێکدا، کە 79 گۆڵە، بەو پێیەی 106 گۆڵی تۆمارکردووەو تەنیا 27 گۆڵی لێبووە.
- زۆرترین جیاوازی خاڵی لەگەڵ دووەمی خول تۆمارکردووە، کە 19 خاڵە.
- تیپەکەی بەرزترین رێژەی کۆنترۆلکردنی تۆپی لە مێژووی پرێمەرلیگدا تۆمارکردووە

«پێپ لە مێژووی ڕاهێنەرایەتی خۆیدا لە 9 وەرزدا 7 نازناوی خولی ناوخۆیی بردووەتەوە»

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

پێپ گوارادیۆلا، راهێنەری ئیسپانی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، بە ژمارە و ئامارەکانی وەڵامی هەموو ئەو رەخنانە دەداتەوە کە دوای گرتنەدەستی پۆستی راهێنەرایەتی یانە ئینگلیزییەکە ئاراستەیان کرد.


دوای ئەو هەموو رەخنە و گاڵتەپێکردنەی ئاراستەی گواردیۆلایان کرد، گوایە بەو شێوازەی لەگەڵ خۆیدا لە ئیسپانیا هێناویەتی ناتوانێت لە خولێکی وەک پرێمەرلیگدا سەرکەوتوو بێت، ئەو پیاوە کەتەلۆنییە وەڵامی نەدانەوە، نەکەوت و تێکنەشکا، هەموو بایەخ و وردبوونەوەکەی خستە سەر تیپەکەی، تاوەکو توانی هەموویان بێدەنگ بکات و لە وەرزێکی مێژووییدا زۆربەی ریکۆردەکانی پرێمەرلیگ بشکێنێت. بێجگە لەوەی لە مێژووی راهێنەرایەتی خۆیدا لە 9 وەرزدا 7 نازناوی خولی ناوخۆیی بردووەتەوە، لە ئیسپانیا و ئەڵمانیا و ئینگلتە را.

راستە پێپ گواردیۆلا ئەمساڵ نەیتوانی لەگەڵ مانچێستەر سیتی نازناوی چامپیۆنزلیگ بباتەوە، بەڵام بە ئامار و ژمارەکانی ئەم وەرزەی پێش دەیان بەناوبانگترین راهێنەرانی مێژووی پرێمەرلیگ کەوت، کە بە درێژایی زیاتر لە 100 ساڵ سەرپەرشتی یانەکانی ئەو خولەیان کردووە.



## نەیانتوانیوە

کەسێکی نزیک لە ماڵباتی ئەلیکس فێرگسۆنی ڕاهێنەری ئەفسانەیی سکۆتلەندی، کە ئێستا لە قۆناخی چارەسەربووندایە لە خوێنبەربوونی مێشک، ئاشکرایکرد فێرگسۆن سوورە لەسەر ئامادەبوون لە یاری کۆتایی یۆرۆپالیگ لە یاریگەی وێمبلی لەنێوان ئاتلێتیکۆ مەدریدی ئیسپانی و مارسیلیای فەرەنسی. ئەو گوتی «هاوژین و کوڕەکانی فێرگسۆن نەیاتوانیوە ئەفسانە بەوە ڕازی بکەن کە نەچێتە یاریگە بۆ بینینی ئەو یارییە، چونکە هێشتا لە قۆناخی چارەسەربووندایەو پزیشکان جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەو بۆ ماوەیەک پێویستی بە پشوودان هەیە».




### یاریی کۆتایی یۆرۆپالیگ..

# «سیمیۆنی لە پەیژەکانی میترۆپۆلیتانۆوە دەتوانێت ئەپدەیتی غیرەتی یاریزانەکانی بکات»

**شرۆڤە: سەفین تەها**

دوو تیپ بە دوو ڕێڕەوی جیاوازدا گەیشتوونەتە کۆتایی، ئاتلێتیکۆ مەدرید لە چامپیۆنزلیگەوە لە گرووپی مەرگدا خەریک بوو زیندەبەچاڵ بکرێت، بەڵام وەک بڵێی رووەکی نەمریی خواردبێت، پێش ئەوەی لە هەموو شتێک بێهیوا ببێت، دابەزی بۆ یۆرۆپالیگ و لەوێشەوە هێز و گەورەیی خۆی بەسەر ڕکابەرەکانی نیشانداو گەیشتە یاریی کۆتایی، هەرچی یانەی مارسیلیاشە بە پلەی پێنجەمی وڵاتەکەی سەرکەوت بۆ پاڵاوتنی دووەمی خولی یۆرپالیگ و لەوێشەوە تا کۆتایی ملی ڕێگەی گرتەبەر.

### کلیل

لەسەر کاخەز ئاتلێتیکۆ مەدرید پاڵێوراوترە بۆ ئەوەی جامەکە بەدەستبێنێت، بەڵام ئەوەمان لەیاد نەچێت کە مارسیلیا تیپێکی جیرن، یانەیەکی تەواو هێرشبەرین و هەلی زۆر مەترسیدار دروستدەکەن، ئەگەر هەیە لە هەموو کاتێکدا بگەنە ناوچەی سزا، بەڵام لەگەڵ ئاتلێتیکۆ مەدرید کە بەهێزترین و ئاڵۆزترین تۆڕی بەرگرییان هەیەو ئەستەمە بتوانێت گۆڵیان لێبکەیت، کەواتە ئەرکی سەرشانی لێفوسێنس (فنیقییەکان ـ نازناوی مارسیلیا) ئاسان نییەو بگرە زۆریش قورسە.

ئەم دوو تیپە زۆر پەلەپەل دەکەن بۆچی؟ چونکە لەو ساڵەی کە پاڵەوانێتیی یۆرۆپیان کەپ گۆڕا بۆ چامپیۆنزلیگ 1992 مارسیلیا بووە پاڵەوان، لەو ساڵەشی کە نازناوی یۆفا کەپ گۆڕا بۆ یۆرۆپالیگ 2010، ئاتلێتیکۆ مەدرید بووە پاڵەوانی یۆرۆپالیگ، واتا لەگەڵ گۆڕینی وەشانی پاڵەوانێتییەکان ڕاستەوخۆ یەکێک لەم دوو یانەیە بوونەتە پاڵەوان، ئەی ئەمجارە خۆ هیچ پاڵەوانێتییەک نەدۆڕاوە، دەبێت کامیان بووبێتنە پاڵەوان.

ئاتلێتیکۆ مەدرید بەبێ سیمیۆنی یاریدەکات، چونکە سزادراوە، ئەو ڕاهێنەرە پێویستە لەسەر هێڵ بێت، بەڵام ئەگەر ئەوەش نەبێت، دییگۆ گرۆتینی خۆی بۆ خوێنی یاریزانەکانی گواستووەتەوە، ئەو لە پەیژەکانی میترۆپۆلیتانۆوە هاواری دەگەیشتە نێو لاکێشەی سەوز، کە یاریزانەکان ئەو ببینن بێگومان ئەپدەیتی غیرەتیان دەبێتەوە.

هەرچی سەبارەت بە ڕوودی گارسیای ڕاهێنەری یانەی ماریسیلیاشە، ئەو پیاوەی لە گەنجیدا لە یانەی لیل لە نێوەڕاستی یاریگەوە دەستی بە یاریکردن کرد دواتر لە ساڵی 2008دا بووەوە بە ڕاهێنەری ئەو یانەیە تاوەکو 2013، ئەو تاکە ڕاهێنەر بووە لە ماوەی 70 ساڵی ڕابردوودا نازناوی خولی فەرەنسی بۆ یانە سوورەکەی بەدەستهێناوە لە ساڵی 2011 و لە هەمان ساڵیشدا نازناوی جامی فەرەنسای بەدەستهێنا.

ئەوا دوو ساڵە ڕاهێنەری مارسیلیایەو هیچ نازناوێکی نییە، بۆیە ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە لەبەردەم پیاوە تەمەن 54 ساڵانەکە بۆ ئەوەی بەیەکەم نازناوی ئەورووپی لە ژیانیدا شاد بێت.

### ئامار و ژمارەکان

ئەمە جاری سێیەمە ئاتلێتیکۆ مەدرید لەم ڤێرژنە تازەیەی یۆرۆپالیگدا دەگاتە یاریی کۆتایی، هەردوو جارەکەی پێشتر بەدەستهێناوە، دوایینجاریش لە ساڵی 2012 بوو کە لە یاریی کۆتاییدا 3 ـ 0 لە ئاتلێتیکۆ بیلباوی بردەوە.

بۆ مارسیلیاش لەم پاڵەوانێتییەدا تەنیا دووەم بوون بەشی بووەوە، هەرچەندە وەک ئاتلێتیکۆ ئەمە جاری سێیەمییەتی بگاتە فاینال، کەچی لە هەردوو جارەکەدا لە ساڵەکانی 1999 و 2004دا دۆڕاندوویەتی.

لە قۆناخی پێشوودا ئاتلێتیکۆ مەدرید توانیبووی ئارسێنالی ئینگلیزی دەربکات، لە یاریی یەکەمدا 1 ـ 1 یەکسان بوون و لە یاریی دووەمیشدا لە خاکی خۆیدا 0 ـ 0 بوون.



هەرچی یانەی مارسیلیای فەرەنسیشە لە قۆناخی پێشکۆتاییدا ڕێد بووڵ سالزبۆرگی نەمسایی بە هەڵەیەکی کوشندەی ناوبژیوان کردە دەرەوە، دوای ئەوەی لە یاریگەی خۆیدا 2 ـ 0 لێیبردبووەوە، بەڵام لە یاریگەی بەرامبەردا بەهەمان ئەنجام دۆڕاو پەنابرایە گێمی زیادکراو، لەو گێمەشدا ناوبژیوان لێدانێکی کۆرنەری بۆ ماریسیلیا هەژمارکرد کە دروست نەبوو، بەو کۆرنەرەش ڕۆلاندۆ بە لێدانی سەر گۆڵی بردنەوەی بۆ ماریسیلیا هێنا.

یارییەکە لە ئۆڵیمپیک دێ لیۆن بەڕێوەدەچێت کە گروپاماشی پێدەڵێن، نزیکەی 60 هەزار هاندەر لەخۆی دەگرێت، هاندەرانی ماریسیلیا دەتوانن بە 20 یۆرۆ بە ڕێگای شەمەندەفەر بگەنە لیۆن کە کاژێر و نیوێک لەیەکدی دوورن.

ئەمە دووەم یاریی کۆتاییە بۆ ئاتلێتیکۆ مەدرید لە لیۆنی فەرەنسا، لە جاری یەکەمدا 3 ـ 0 لە دینامۆ کییڤی ئۆکراینی بردبووەوە، خۆی ئەم یاریگەیە بۆ ماریسیلیا زۆر باشە، چونکە هاندەران بەو شێوەیە ماندوونابن و یانەکەش ساڵانە یاریی لەم یاریگەیەدا دەکات، هەرچەندە هەردوو یانەی لیۆن و ماریسیلیا دوو تیپی ڕکابەری یەکدین.

ڕووبەڕووبوونەوەی نێوانیان تەنیا جارێک ڕوویداوە کە لە بەریەککەوتنێکی هاتن و چووندا هەردوولا لەم پاڵەوانێتییەدا لە وەرزی 2008 ـ 2009 بەیەکگەیشتن، یاریی یەکەم لە نێو ڤیسێنتی کاڵدیرۆن 2 ـ 1 بۆ ئالتلێتیکۆ مەدرید کۆتاییهات، لە یاری دووەمیشدا لە نێو ڤیلێدرۆم هەردوولا 0 ـ 0 یەکسان بوون.

مارسیلیا بەرامبەر بە یانە ئیسپانییەکان بارودۆخی باش نییە، لە کۆی 15 یاریی تەنیا 4 سەرکەوتنی هەیە، 8 جاریش دۆڕاوە، بۆ زانین دووان لەو 4 سەرکەوتنانەش لەم وەرزەدا بوو بەرامبەر بە ئاتلێتیک بیلباو لە یاریی یەکەمدا 3 ـ 1 و لە یاریی دووەمیشدا 2 ـ 1.

کەس لە ئاتلێتیکۆ مەدرید باشتر نییە بەرامبەر بە فەرەنسییەکان، ئەو لە کۆی 12 یاریی بەرامبەر بە یانەکانی فەرەنسا 6 بردنەوە و 5 یەکسان بوون و 1 یەک شکستی هەیە، تاکە شکستەکەش لە ساڵی 2000دا بوو کە لەم پاڵەوانێتییەدا لەسەردەستی یانەی لانس کرایە دەرەوە.

ئاتلێتیکۆ مەدرید لەم وەرزەدا زۆرترین یاریی لە خولە ئەورووپییەکاندا کردووە، 14 یاری، 7 بردنەوە، 5 یەکسان بوون، 2 دۆڕان، یەکێک لەو دۆڕانانە لە یۆرۆپالیگدا بووە کاتێک لە دەرەوەی یاریگەی خۆی 1 ـ 0 بە سپۆرتینگ لیشبۆنا دۆڕا.

### لەبەرئەوەی سەرکێشی بە چارەنووسی باشترین یاریزانەکەیان کردووە..

# مەدریدییەکان لەبەر ڕۆناڵدۆ لە زیزۆ تووڕەن



**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

بەرپرسانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، لە ڕاهێنەری تیپەکە، زەینەدین زیدانی فەرەنسی تووڕەن، ئەویش بەهۆی ئەو پێکانەی بەر ئەستێرەی شاهانە، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی کەوت، کە پێیانوایە زیدان سەرکێشییەکی گەورەو مەترسیداری بە چارەنووسی باشترین یاریزانی یانەکە کردووە.

ڕۆناڵدۆ تووشی پێکان لە پاژنی پێی بوو، دوای تۆمارکردنی گۆڵی یەکەم لە خولەکی 15 لە یاری دوایین کلاسیکۆ بەرامبەر بارسێلۆنا، کە بە ئەنجامی 2 ـ 2 گۆڵ کۆتایی هات. ڕۆناڵدۆ گێمی یەکەمی تەواوکرد، بەر لەوەی زیدان لەنێوان هەردوو گێم بڕیاری دانیشاندانی بدات و مارکۆ ئەسینسیۆ بخاتە شوێنی.

ڕۆژنامەی کۆنفدنسیاڵی ئیسپانی، لەو بارەوە ئاشکرایکرد، کە ئەو هەڵوێستەی زیدان بەرپرسانی یانەی شاهانەی تووڕەکردووەو نووسیویەتی «بەرپرسانی ڕیال مەدرید، لە زیدان تووڕەن، بەهۆی هێشتنەوەی ڕۆناڵدۆ لە نێو یاریگە، زیاتر لە نیو کاژێر دوای پێکانی».

ڕۆژنامەکە هەروەها نووسیویەتی «ڕۆناڵدۆ لە پێکانەکەی گەشبینە، بەڵام زەندەقی چوو، کاتێک جیرارد پیکێی بەرگریکاری بارسێلۆنا، لە کاتی تۆمارکردنی گۆڵەکە چووە سەری». هەورەها گوتیشی «لە ڕیال مەدرید وای دەبینن، دەبوو زیدان دوای پێکانی ڕاستەوخۆ ڕۆناڵدۆ لە یاریگە دەربێنێت، هەرچەندە ئارەزووشی دەکرد یارییەکە تەواو بکات، چونکە ئەوە سەرکێشییەکی گەورەو مەترسیدارە تۆ بە پێکانەوە یاری بە ڕۆناڵدۆ بکەی، لە کاتێکدا تەنیا چەند ڕۆژێکت ماوە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ ئەنجام بدەی».

ڕۆژنامەی ناوبراو، ڕوونیشی کردەوە، ڕۆناڵدۆ بەرنامەیەکی تایبەت لە مەدرید پیادە دەکات و ڕۆژانە دوو جار ڕاهێنان دەکات، تاوەکو لە پێکانەکەی چاکبێتەوە، بۆ دڵنیابوون لێشی، چەندین پشکنینی پزیشکی دیکەی بۆ دەکرێت. ئاماژە بەوەش دەکات، ڕۆناڵدۆ بەدڵنیاییەوە بۆ یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ ئامادە دەبێت، تەنانەت لەوانەیە لە یاری ڤیاڕیال، لە دوایین گەڕی لالیگاشدا بەشداریی بکات، کە یەک هەفتە پێش یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگە، بەرامبەر لیڤەرپوولی ئینگلیزی دەبێت. بەڵام بەرپرسانی ڕیال مەدرید لە زیدان دەپرسن «چیتدەکرد ئەگەر پێکانەکەی ڕۆناڵدۆ قورستر دەبوو و لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ بێبەش دەبوو».

> «چۆن نیو کاژێر به پێکانەوە یاری بە ڕۆناڵدۆ دەکەی، لە کاتێکدا یاری فیناڵی چامپیۆنزلیگت لەپێشە؟!»



# ڕیزبەند و خشتەی یارییەکانی هەفتە



KOREK Telecom

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 38)

| | |
|---|---|
| **شەممە 19/5/2018** | |
| سێلتاڤیگۆ - لێڤانتی | 02:00 |
| لێگانێس - ریال بێتیس | 05:15 |
| لاس پالماس - خیرۆنا | 07:30 |
| مالاگا - خیتافی | 07:30 |
| سێڤیا - ئالاڤێس | 07:30 |
| ڤیاڕیال - ریال مەدرید | 09:45 |
| **یەکشەممە 20/5/2018** | |
| ڤالێنسیا - دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیا | 01:00 |
| ئاتلێتیک بلباو - ئیسپانیۆل | 05:15 |
| ئاتلێتیکۆ مەدرید - ئیبار | 07:30 |
| بارسێلۆنا - ریال سۆسیداد | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 90 |
| 2 - ئاتلێتیکۆ مەدرید | 78 |
| 3 - ریال مەدرید | 75 |
| 4 - ڤالێنسیا | 70 |
| 5 - ڤیاڕیال | 60 |
| 6 - ریال بێتیس | 60 |
| 7 - سێڤیا | 55 |
| 8 - خیتافی | 52 |
| 9 - ئیبار | 50 |
| 10 - ریال سۆسیداد | 49 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسێلۆنا | 34 |
| 2 - سوارێز | بارسێلۆنا | 25 |
| 3 - ڕۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 25 |
| 4 - ئاسپاس | سێلتاڤیگۆ | 20 |
| 5 - گریزمان | ئاتلێتیکۆ مەدرید | 19 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 38)

| | |
|---|---|
| **شەممە 19/5/2018** | |
| یوڤێنتوس - ڤێرۆنا | 06:00 |
| جێنەوا - تۆرینۆ | 09:45 |
| **یەکشەممە 20/5/2018** | |
| کالیاری - ئاتالانتا | 07:00 |
| کیێڤۆ - بێنڤێنتۆ | 07:00 |
| میلان - فیۆرێنتینا | 07:00 |
| ناپۆلی - کرۆتۆنی | 07:00 |
| سپال - سامپدۆریا | 07:00 |
| ئۆدینێزی - بۆلۆنیا | 07:00 |
| لازیۆ - ئینتەرمیلان | 09:45 |
| ساسۆلۆ - ڕۆما | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤێنتوس | 92 |
| 2 - ناپۆلی | 88 |
| 3 - ڕۆما | 74 |
| 4 - لازیۆ | 72 |
| 5 - ئینتەرمیلان | 69 |
| 6 - میلان | 61 |
| 7 - ئاتالانتا | 60 |
| 8 - فیۆرێنتینا | 57 |
| 9 - سامپدۆریا | 54 |
| 10 - تۆرینۆ | 51 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیمۆبیلی | لازیۆ | 29 |
| 2 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 28 |
| 3 - دیبالا | یوڤێنتوس | 22 |
| 4 - کوالیارێلا | سامپادۆریا | 19 |
| 5 - مێرتینز | ناپۆلی | 18 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 38)

| | |
|---|---|
| **شەممە 19/5/2018** | |
| کان - پاریس سانجێرمان | 10:00 |
| دیژۆن - ئانژی | 10:00 |
| لیۆن - نیس | 10:00 |
| مارسیلیا - ئامیان | 10:00 |
| میتز - بۆردۆ | 10:00 |
| نانت - ستراسبۆرگ | 10:00 |
| ڕێن - مۆنپیلیێ | 10:00 |
| سانت ئیتیان - لیل | 10:00 |
| تولوز - گوینگامپ | 10:00 |
| تروا - مۆناکۆ | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 92 |
| 2 - مۆناکۆ | 77 |
| 3 - لیۆن | 75 |
| 4 - مارسیلیا | 74 |
| 5 - ڕێن | 57 |
| 6 - نیس | 54 |
| 7 - بۆردۆ | 52 |
| 8 - سانت ئیتیان | 52 |
| 9 - مۆنپیلیێ | 50 |
| 10 - نانت | 49 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 28 |
| 2 - تۆڤین | تولوز | 23 |
| 3 - نەیمار | پاریس سانجێرمان | 20 |
| 4 - فالکاو | مۆناکۆ | 18 |
| 5 - فەقیر | لیۆن | 18 |

## خولی ئەڵمانیا (ریزبەندی کۆتایی)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 84 |
| 2 - شاڵکێ | 63 |
| 3 - هۆفێنهایم | 55 |
| 4 - بۆرووسیا دۆرتموند | 55 |
| 5 - بایرلیڤەرکوزن | 55 |
| 6 - لایپزیگ | 53 |
| 7 - شتوتگارت | 51 |
| 8 - فرانکفۆرت | 49 |
| 9 - میونشنگلادباخ | 47 |
| 10 - هێرتا بەرلین | 43 |
| 11 - ڤێردێربرێمن | 42 |
| 12 - ئۆگسبۆرگ | 41 |
| 13 - هانۆڤەر | 39 |
| 14 -ماینز | 36 |
| 15 - فرایبۆرگ | 36 |
| 16 - ڤۆلفسبۆرگ | 33 |
| 17 - هامبۆرگ | 31 |
| 18 - کۆڵن | 22 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 29 |
| 2 - پیتێرسین | فرایبۆرگ | 15 |
| 3 - ئەلیکساندەر | هۆفێنهایم | 14 |
| 4 - ڤۆلاند | بایرلیڤەرکوزن | 14 |
| 5 - فۆلکرۆگ | هانۆڤەر | 14 |

* یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم راستەوخۆ گەیشتنە چامپیۆنزلیگ. پێنجەم و راستەوخۆ گەیشتە یۆرۆپالیگ. شەشەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات. حەڤدەم و هەژدەم دابەزین بۆ خولی یانە پلە دووەکانی ئەڵمانیا. شانزدەهەم دوو یاری یەکلاکەرەوە لەگەڵ سێیەمی خولی یانە پلە دووەکانی ئەڵمانیا دەکات بۆ مانەوە یان دابەزین لە بۆندسلیگا.

## خولی ئینگلتەرا (ریزبەندی کۆتایی)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مانچێستەر سیتی | 100 |
| 2 - مانچێستەر یونایتد | 81 |
| 3 - تۆتێنهام | 77 |
| 4 - لیڤەرپوول | 75 |
| 5 - چێلسی | 70 |
| 6 - ئارسیناڵ | 63 |
| 7 - بێرنلی | 54 |
| 8 - ئێڤێرتۆن | 49 |
| 9 - لیستەر سیتی | 47 |
| 10 - نیوکاسڵ | 44 |
| 11 - کریستاڵ پالاس | 44 |
| 12 - بۆرنیمۆس | 44 |
| 13 - وێستهام | 42 |
| 14 - واتفۆرد | 41 |
| 15 - برایتۆن | 40 |
| 16 - هەدێرسفیڵد | 37 |
| 17 - ساوسامپتۆن | 36 |
| 18 - سوانزی سیتی | 33 |
| 19 - ستۆک سیتی | 33 |
| 20 - وێست برۆمیچ | 31 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - سەلاح | لیڤەرپوول | 32 |
| 2 - کەین | تۆتێنهام | 30 |
| 3 - ئەگوێرۆ | مانچێستەر سیتی | 21 |
| 4 - ڤاردی | لیستەر سیتی | 20 |
| 5 - ستێرلینگ | مانچێستەر سیتی | 18 |

* یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم راستەوخۆ گەیشتنە چامپیۆنزلیگ. پێنجەم و شەشەم و حەفتەم راستەوخۆ گەیشتنە یۆرۆپالیگ. هەژدەم و نۆزدەم و بیستەم دابەزین بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی ئینگلتەرا.

## یارییە گرنگەکان

| پاڵەوان | یانە | کات | یانە | ڕۆژ |
|---|---|---|---|---|
| فینالی یۆرۆپالیگ | مارسیلیا | 09:45 | ئاتلێتیکۆ مەدرید | چوارشەممە 16/5/2018 |
| جامی ئینگلتەرا | چێلسی | 07:15 | مانچێستەر یونایتد | شەممە 19/5/2018 |
| جامی ئەڵمانیا | بایرن میونشن | 09:00 | فرانکفۆرت | شەممە 19/5/2018 |
| خولی ئیسپانیا | ڤیاڕیال | 09:45 | ریال مەدرید | شەممە 19/5/2018 |
| جامی پورتوگال | دیسپۆرتیڤۆ ئاڤێس | 07:15 | لێشبۆنە | یەکشەممە 20/5/2018 |
| خولیئیسپانیا | ئاتلێتیکۆ مەدرید | 07:30 | ئیبار | یەکشەممە 20/5/2018 |
| خولی ئیتاڵیا | میلان | 07:00 | فیۆرێنتینا | یەکشەممە 20/5/2018 |
| خولی ئیتاڵیا | لازیۆ | 09:45 | ئینتەرمیلان | یەکشەممە 20/5/2018 |



## سەرکەوتووین

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تۆڕی سی ئێن ئێنی ئەمریکیدا، محەممەد سەڵاحی ئەستێرەی یەکەمی هەڵبژاردەی میسر لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئاخۆ دەتوانن لە قۆناخی یەکەمی مۆندیالدا سەرکەون؟ گوتی "من ناڵێم ئێمە دەتوانین سەرکەوین، بەڵکو دەڵێم ئێمە سەرکەوتووین". هەروەها گوتیشی بێگومان ئێمە لە گرووپێکی زەحمەتین، کە ڕووبەڕووی هەڵبژاردەکانی ئۆرۆگوای، سعوودییە و ڕووسیا دەبینەوە، بەڵام متمانەی تەواومان بە خۆمان هەیە و دەتوانین بلیتێکی قۆناخی 16 بەدەستبێنین".



ڕێبوار محەممەد

## گوناهی مێسییە یان ڤاڵڤێردی؟

باوەڕناکەم نە ئەوانەی لە نزیکەوە پەیوەستن بە یانەی بارسێلۆناوە و نە ئەوانەشی ملیۆنانن لەسەرانسەری جیهاندا و بە هاندانی بارسێلۆنا دڵخۆشن، هیچ شەوێکی ئەمساڵیان هاوشێوەی شەوی یەکشەممەی ڕابردوو بە خەمەوە بەڕێکردبێت. خەمێک کە زۆر لەوە قورستربوو یانەکە بەر لە چەند هەفتەیەک لەسەردەستی ڕۆما لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا کرایە دەرەوە.

ئاخر چوونە دەرەوەی بارسێلۆنا لە چامپیۆنزلیگ لە دوو، سێ ساڵی ڕابردوودا بووەتە شتێکی باو، بۆیە ئەمجارەش کاریگەریی کارەساتەکە هێندە قورس نەبوو بەرگەی نەگیرێت. بەڵام کاتێک لیڤانتی کۆتایی بە خەونی بارسێلۆنا هێنا لەوەی بەبێ دۆڕان وەرزی ئەمساڵ کۆتایی پێبهێنێت و نازناوەکە بباتەوە، ئەوە خەمێکی قوڵی لای هەمووان بەجێهێشت.

بێگومان زۆرینە لەسەر ئەوە کۆکن کە یارینەکردنی مێسی هۆکاری سەرەکی شکستەکە گەورەکەی بارسێلۆنا بوو، ئەگەر ئەوە وابێت کەواتە بارسێلۆنا بەبێ مێسی تیپێکی زۆر ئاساییە و دەکرێ لە وەرزەکاندا خۆی بۆ ئەوە ماندوو بکات بگاتە خولی ئەورووپی و ئەوە ئەوپەڕی خەونی بێت. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت هەڵەیەکی کوشندە لە کۆی ستراتیجی بارسادا هەیە، بە تایبەت لە وەرزی ئەمساڵدا.

ڕاستە مێسی ئەستێرەی یەکەمی تیپەکەیە و بەدیهێنەری خەونی ئەو یانەیە بووە لە 10 ساڵی ڕابردوودا، بەڵام ئەوە یەکەمجار نییە بەهۆی مێسییەوە بارسا دەستخەڕۆ دەبێت. کەواتە ڤاڵڤێردی ڕاهێنەر، تیپەکەی بە مێسییەوە پێڕاگیراوە و ئەگەر ئەو لە لێکدانەوەکانی بچێتە دەرەوە، هیچ بە هیچ ناکات.

کەس نکوڵیی لە گەورەیی مێسی ناکات، بەڵام کاتێک کۆی سیستمی تیپێکی خاوەن مێژووی وەک بارسێلۆنا بە یەک یاریزانەوە دەبەسترێتەوە، ئەوە هەڵەیە، هەڵەکەش لەوەدایە کە ئەوکاتەی مێسی ئامادە نییە، چی ڕوودەدات؟ بێگومان لەوە باشتر ڕوونادات کە بەسەر بارسادا هات لە ڕووبەڕووبوونەوەی لیڤانتێدا.

من هێشتا لام ڕوون نییە، مێسی بۆ لەو یارییەدا بەشدارینەکرد؟ ئەگەر مێسی خۆی داوای کردبێت شتێکە، ئەگەر ڤاڵڤێردیش داوای کردبێت شتێکی دیکەیە و ئەگەر فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەرجەنتینیش فشاری کردبێت، ئەوا لە هەموویان جیاوازترە.

هەرچۆنێک بێت پێموایە یان مێسی خاوەنی بڕیارەکەیە یان ڤاڵڤێردی. ئەگەر ڤاڵڤێردی بڕیارەکەی دابێت، ئەوە جیا لەوەی هەڵەیەکی کوشندەی کرد، دووپاتیکردەوە ئەو بەبێ مێسی شتێکی ئەوتۆی پێناکرێت، بۆیەش سەرئەنجام باجەکەی بە قورسیدا.

ئاخر نالۆژیکییە تۆ دوو کلاسیکۆ، دوو یاری ئاتلێتیکۆ مەدرید، سیڤیا، ڤالێنسیا و ڤیاریال نەدۆڕێنیت، لەسەر دەستی لیڤانتی شکست بخۆیت.

ئەگەر مێسی خاوەنی بیرۆکەی یارینەکردن بێت، ئەوا بێگومان زوڵمێکی گەورەی لە بارسێلۆنا کردووە، ئاخر یانەیەک ساڵانە زیاتر لە 25 ملیۆن یۆرۆت بداتێ و لەبەردەم ڕووداوێکی مێژوویدا بێت و بە تەنیا دوو یاری یان 180 خولەکی دیکە یاریکردن، مێژوویەکی گەورە بەناوی خۆیەوە تۆمار بکات، گوناهە لەو ئان و ساتەدا بەجێیبهێڵی، لە کاتێکدا زۆرینە دەڵێن وەرزی ڕابردووش لیڤانتی هۆکار بوو لەوەی بارسێلۆنا لالیگا نەباتەوە.

مێسی یارینەکردووە لەبەرئەوەی خەیاڵی لای هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بوو کە مۆندیالی لە پێشە، ئەو لە نێوان دوو ئەگەردا یەکێکیانی هەڵبژارد، مێسی زەرەری نەکرد، بارساش هەر پاڵەوانی لالیگایە، بەڵام بە مێسی و بە ڤاڵڤێردی، دەرگای مێژوویەکی مەزنیان لەسەر بارسێلۆنا داخست کە جارێکی دیکە ئەستەمە وا بە ئاسانی بکرێتەوە.

### بۆ ئەوەی یارییەکانی سیلیساو ببینن..

# مۆندیال وادەکانی کارکردن لە بەرازیل دەگۆڕێت



**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

بانکی ناوەندی لە بەرازیل ڕێگەی بە بانکە لۆکاڵییەکان داوە، وادەی کارکردنی خۆیان بگۆڕن، لەو ڕۆژانەی کە هەڵبژاردەی بەرازیل لە مۆندیال یاری دەکات، کە بڕیارە یارییەکانی ڕۆژی 14ی حوزەیرانی داهاتوو لە ڕووسیا دەستپێبکات.

بانکی ناوەندی بەرازیل بانکەکانی پابەند کردووە، لەو ڕۆژانەی کە هەڵبژاردەی بەرازیل لە مۆندیال یاری دەبێت، بەلایەنی کەمەوە 4 کاژێر دەرگاکانیان بەرامبەر جەماوەر بکەنەوە، دەبێت هەموو بانکێک 2 ڕۆژ پێشتر، خەڵکی لەو وادانە ئاگادار بکەنەوە.

بانکەکانی بەرازیل ڕێگەی کەمکردنەوەی ماوەی کارکردنیان داوە، ئەگەر هاتوو سیلیساو بگاتە قۆناخەکانی داهاتوو. ئەمەو هەڵبژاردەی بەرازیل، یاری یەکەمی لە مۆندیال، بەرامبەر سویسرا دەبێت لە ڕۆژی 17ی حوزەیراندا، دواتر لە 22ی هەمان مانگ ڕووبەڕووی کۆستاریکا دەبێتەوە، 5 ڕۆژ دواتریش بە یاری سربیا، کۆتایی بە قۆناخی کۆمەڵەکان دێنێت.



### لە یاریگەوە بۆ سەر شاشەکان..

# ڕۆناڵدۆ دەبێتە فیلم کارتۆن

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**


کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی، ئەستێرەی ڕیال مەدرید، ڕایگەیاند وێنەکەی لە داهێنانی کەسایەتی پاڵەوانی ناوازە، لە زنجیرەیەکی فیلمی کارتۆن بە ناونیشانی (هێزی هێرشبەر 7 ـ 7 STIKER FORCE) بەکاردەهێندرێت، کە لەبەرهەمهێنانی کۆمپانیای (گرافیک ئیندیا) و (ڤی ئێم ئێس کۆمیونیکێشن)ە.

هەردوو کۆمپانیا لە ڕاگەیاندراوێکدا ڕوونیانکردووەتەوە، ئەوان ئەو کەسایەتییە دروست دەکەن، تاوەکو بە چەندین شێواز بەکاریبێنن، وەک فیلمی کارتۆن و یاری ڤیدیۆیی. ڕۆناڵدۆش لە هەمان ڕاگەیاندراودا ڕوونیکردەوە "من زۆر شەیدای چیرۆکی پاڵەوانە ناوازەکانم، زۆر بەپەرۆشم لە داهێنانی ئەو زنجیرە تازەیە لە فیلمی کارتۆن یارمەتیدەربم". گوتیشی "بەهەمانشێوە، کە تۆپی پێ کولتوور و گەلەکان لەسەرتاسەری جیهان کۆدەکاتەوە، پێموایە کەسایەتییەکانی فیلمی کارتۆن پاڵەوانەکانیش، دەتوانن هەمان شت بکەن، ئەوەش ئەو هۆیەیە، کە واملێدەکات، ئەو شتە لە دڵاشیرنانە کۆبکەمەوە، لە ڕێگەی ئەو پرۆژەیەوە، تاوەکو لەگەڵ جەماوەرەکەم هاوبەشیان بکەم".

داهێنانی ئەو زنجیرەیە، بیرۆکەی دیڤار غان و ڕۆناڵدۆ بوو، کە بەیەکەوە لەتەک گواردیراس، بەشداریی لە بەرهەمهێنانی جێبەجێکردنیدا دەکەن.

## پێشبڕکێ





به کورتترین و جوانترین کۆمێنت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555

براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو: کارزان کەمال لە عەربەت

بە کۆمێنتی: ( بەختت بۆ هێناوین، لەگەڵ تۆ نەدۆڕاوین )

KOREK Telecom

# هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی ڕۆژانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە



لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە، بە پێی ئەم ووردەکاریانەی خوارەوە:

- پاکێجی ڕۆژانە: تەنها بە 2,000 دینارە و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دینارە و بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250، یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

korektel.com

411

RÛDAW
www.rudaw.net

(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە